# (دابونەریت - ئاسایشی نەتەوەیی) یان ماڵئاوایی لە ئازادی

هیوا عبدولا-بەلجیکا
Hiwa.Abdullah@hotmail.com



لەم چەند ڕۆژانەی دوواییدا پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بەو مشتومڕە هێنا کە ماوەیەکبو سەبارەت بە یاسای ڕۆژنامەنوسی لە ڕۆژەڤدابو. لە کۆتایی هەفتەی ڕابردودا پەرلەمانی کوردستان یاسای ڕۆژنامەوانی گفتوگۆکرد کە ماوەیەکبو ڕوناکبیران و ڕۆژنامەوانان ڕەخنەیان لەسەری هەبوو و هەموشمان چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئەم جارە حکومەت و پەرلەمان کارێک بکات تاکو بەبەڵگەوە بیسەلمێنێ بەڕاستی کوردستان بە ئەزمونێکی دیموکراتیدا تێدەپەڕێ. بەڵام کە سەیری هۆڵی پەرلەمان و بۆچونی زۆربەی زۆری پەرلەمانتارانمان کرد، هەستمان کرد کە کورد هێشتانەکە زۆری ماوە حەقیقەتی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی ڕۆژنامەگەری پێ هەرس بکرێ، زۆربەی زۆری زانایان ئەڵێن ئەگەر ویستت ئاستی پێشکەوتویی نەتەوەیەک بزانی دەبێ سەرەتا تەماشای ڕۆژنامەوانەکانی بکەی، بەڵام بەداخەوە بەشێک لەو پەرلەمانتارانە لە گەڵ ڕێزم بۆ کەسایەتی و خەبات و تێکۆشانیان بەڵام بۆ ماوەی یەک ڕۆژیش نەیانتوانیوە خۆیان بێننە جێگای ڕۆژنامەوانێک و هەست بە ئازادی ڕۆژنامەگەری بکەن، ئەمڕۆ پەرلەمان بە سیکۆتین دەومان ئەبەستێت و هەموو پاساوەکانیش بۆ چەند چەمکێکی کۆنی وەک دابونەریت، ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەوشی گشتی دێنێتەوە. جا کێشەکەش لەوەدایە نە پەرلەمان و نە بەرپرسیارانی حکومەت تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو سێ چەمکە شیبکەنەوەو قەناعەتمان پێبێنن تاکو لەو چوارچێوەیەدا قەڵەمەکانمان پەروەردە بکەین.

جێگای داخە بڕێک لەو دەزگاو لایەنانەی وەک سەندیکای ڕۆژنامەوانان کە دەبوایە بەپێی پیشەکانیان زووترو زیاتر هەستیان بە ئازارو ماندوبون و شەونخونی ڕۆژنامەوانان کردبا و هەوڵی هەڵگرتنی ئەو مادانەیان دابا کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم کاری ڕۆژنامەگەری دەمکوتیان دەکات بەڵام دیارە ئەوانەش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان چاویان لە حەقیقەتەکان پۆشی و ملیان بۆ سیاسەتمەدارانی نەریتەکی شلکرد کە نیازیانە تازە بە تازە فێری دابونەریتمان بکەن. کەسێک کە ئاگای لە کوردستان و مێژوی شەڕی ناوخۆیی و ئەزمونی دەستەڵات و ئەقلیەتی سیاسی ئێمە نەبێ واتێئەگا کە ڕۆژنامەوانانن بێ ئەدەبی دەکەن و دابونەریتەکانیان پێشێل دەکەن، بەڵام ئامادەنین تۆزقاڵێک بیرلەو بێدادی و بێ نەریتیە بکەنەوە کە ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەبینین، ڕۆژنامەوانان ئەوەندەی کاتەکانیان بە پۆلیس و ئاسایش و دادگا بەسەر دەبەن نیو ئەوەندە بەکارەکانیانەوە خەریک نابن، ئەوان ئامادەنین بە ویژدانەوە بیر لەوە بکەنەوە لە ئەنجامی شاردنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بە کارەکانی حکومەت و دەوڵەت ڕۆژانە گوێمان لە هەواڵی بێ بەڵگە و بێ بنەما دەبێ و وامان لێهاتوە نازانین بەچی باوەڕ بکەین و بەچی باوەڕ نەکەین. خۆ ڕاستە هەندێک لە ڕۆژنامەکان دەبنە تۆپی یاری تۆپتۆپێن لە دەستی کەسانی سەردەست و گەورەپیاواندا و لەم سەری گۆڕەپان تا ئەمسەری گۆڕەپان یاریان پێ دەکەن، ڕاستە ڕۆژنامەوانی ئەورۆ خاسیەتی جنێودان و سوکایەتی کردنی بە کەس

کردۆتە پیشەو بنەمای کارەکەی کە لە ڕاستیدا ئێمە نابێ هیچ کێشەیەکمان لە گەڵ هیچ کەسێک هەبێ، بەڵکو لەوانەیە کێشەمان لەگەڵ سیستەم هەبێ، ئەوەی لەبەرانبەر ئەو یەکە بەرپرسیارە بەتەنیا ڕۆژنامەوانان نین، بەڵکو ئەو سیستەمەیە کە لە کاتی پێویستدا ڕۆژنامەوانان دەم کوت دەکات و لە کاتی ناپێویستدا سەندیکای ڕۆژنامەوانانی خاوەن 3 هەزار ڕۆژنامەوان ساز دەکا. ئاخر وولاتێک کە 3 هەزار ڕۆژنامەوانی هەبێ، دەبێ چی نەبێ، کەچی ئێمە بەس لە یەک سەندیکا 3 هەزار ڕۆژنامەوانمان هەیە بەڵام هیچمان نیە. لە لایەکی دیکە مەسەلەی شەڕەجنێویش لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارەوە بەڵکو ئەو خەسڵەتە ناشیرینەیە کە حیزبەکان لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا ئافراندویانەو ئەوڕۆش بۆ بەشێک لە ڕۆژنامەنوسان ماوەتەوە.

وادیارە دەبێ ئەو ڕاستیە لە خۆمان و خوێنەرانمان نەشارینەوە وەکو ئەوە نیشان نەدەین بەتەنیا لە کوردستان ڕۆژنامەوانان ئازاد نین و بەتەنیا کوردستانە تەنگوچەڵەمە بۆ ڕۆژنامەوانان ئەنێتەوە، ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی کۆبونەوەی "یەکێتی ڕۆژنامەوانانی ئەوروپا" ـئەی. ئی. ژی- بکەین کە لە کۆبونەوەی ساڵی 2007 دا بڵاوکرایەوە چەندین تاوان و جینایەتی گەورەمان دەکەوێتە بەرچاو کە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و ئەوروپا لە بەرانبەر ڕۆژنامەوانان ئەنجامیان داوە:

ڕوسیا: لە ساڵانی نێوان 2000-2007دا 21 ڕۆژنامەوان کوژراون، لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەندیکاری ڕۆژنامەوانانی ئەوروپا کە دەزگایەکی یاساییەو لە مافی ڕۆژنامەوانان دەکۆڵێتەوە ڕادەگەیەنێ کە هۆکاری لەدەستدانی ئەو ژمارە زۆرە ڕۆژنامەوانانە یەکەمیان بۆ یاسای توندی دەوڵەت کە تایبەتە بە بەشی مێدیا و دووەمینیشیان گرنگی دانە بە مەسەلەی ئاسایشی وولات.

ئیسپانیا: لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە یاسای توندی وولاتی ئیسپانیا دەکات کە بەهۆی کێشەی نێوان هەرێمی باسک حکومەت پەیڕەوی کردوەو لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەوانان لەژێر هەڕەشەدابونە، ڕاپۆرتەکە ڕادەگەیەنێ کە حکومەتی ئیسپانیا چەندین جار هەوڵی ئاستەنگکردن و هەڵکوتانی پۆلیسیانەی بۆ سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی وولات ئەنجام داوە، ڕۆژنامەوانانیش قاچێکیان لە ناو ڕوداوەکان و قاچەکەی دیکەیان لە دادگا بوە.

ئەرمینیا: لە ماوەی یەک ساڵدا 13 ڕۆژنامەوان ڕوبەڕوی هێرشی جەستەیی بونەتەوە، ئەگەرچی یاسا بەشێک لەو تاوانبارانەی دەستگیر کردوەو لایەنە هێرشبەرەکان سزادراون بەڵام ئەوە بۆتە هۆی کەمبونەوەی کاری ڕۆژنامەوانی لە تەواوی وولاتدا.

ئینگلتەرا: سوتانی بارەگای ناوەندی ڕۆژنامەی The Fourth Estate و لە ڕاپۆرتەکەدا کاربەدەستانی حکومەت وەک بەرپرسیار لەبەرانبەر ئەو تاوانە نیشاندراون.

هۆڵەندا، ئەڵمانیا، ئیرلەندا و مەجەرستان ئەو چوار وولاتە لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی ناوچەکانن کە لەژێرناوی ڕوبەڕوبونەوەی تێرۆر چەنین کردەوەی دژە ڕۆژنامەوانانیان ئەنجام داوە، هەموو ئەوانەش لە کاتێکدا ڕویانداوە کە باسی جموجۆڵەکانی ڕێکخراوی ئەلقایدەیان لە وولاتەکەیاندا کردوە.

لە پۆڵۆن و ئیسپانیاشدا لەبەر ئەوەی دوو ڕۆژنامەوان کاریکاتۆریان لەسەر خانەوادەی پاشا کێشاوە ڕوبەڕوی سزای پارە بونەتەوەو پاشان دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا ئەو سزایەی بەتاڵکردۆتەوەو پشتگیری لە ڕۆژنامەوانان کردوە.

تورکیا: لە ساڵی 2006 دا لە دژی 293 کەس بەهۆی ئازادی بیروڕا دۆز کراوەتەوە، لە ساڵی 2007 دا ڕۆژنامەوانی بەرەگەز ئەرمەنی "هرانت دینک" بەدەستی کەسانی شۆفێنی و نەتەوەپەرست کوژراوە، هەوڵ دراوە ئابلۆقەی یاسایی و کۆمەلایەتی بخرێتە سەر ئۆرهان پاموکی خاوەن خەلاتی بۆبێل. ڕاپۆرتەکە سوپای تورکیا بەوە تاوانبار دەکات کە هەندێک شتی وەک سوپا، ئەتاتورک و نیشتیمانی پیرۆز کردوەو لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی وولات هەموو شتێکی وەک داخستنی ڕادیۆی ئانادۆڵ،

کۆکردنەوەی گۆرانیەکانی ئەحمەد قایاو قەدەغەکردنی بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەربەست کردوە.
ئەڵمانیا: لە ماوەی سالانی 2000-2007 دا پۆلیسی ئەڵمانیا 150 هێرشی بۆسەر دەزگاکانی چاپەمەنی ئەنجام داوە و 17 ڕۆژنامەوان دەستگیر کراون.
یۆنان: بەهۆی ئەو یاسایەی کە لە مانگی 7ی 2007 دا لە لایەن پەرلەمان ئەرێ کراوە، پێویستە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی لۆکاڵ بۆخۆیان بژێوی خۆیان پەیدا بکەن. لە ڕاپۆرتەکەدا دەوترێ حکومەتی گریک لەو ماوەیەدا چەندین جار ئابلۆقەو سزای لەبەرانبەر ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانیانە ئەنجام داوە کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتدا شت نانوسن و هەواڵ بڵاوناکەنەوە بۆیە یەکێک لەو وولاتانەیە کە بە توندی ڕەخنە دەکرێ.
هۆڵەندا: پۆلیسی هۆڵەندا لە 2006/11/27 دا هەڵیکوتایە سەر بیرۆی ڕۆژنامەی " دە تەلەگراف" کە یەکێکە لە گەورەترین و بەناوبانگترین ڕۆژنامەی هۆڵەندی لە ئەوروپا و هەردوو سەرنوسەرەکانیان بە ناوەکانی "بارت مۆس و یۆست دە هاس"یان دەستگیر کردو بە بیانوی نەبونی بەڵگە لە هەواڵێکیاندا بۆ ماوەی 3 ڕۆژ دەستبەسەریان کردن. لە ڕاپۆرتەکەدا دەوڵەتی هۆڵەندا تاوانبار دەکرێ کە مافی ئەوەی نیە ڕۆژنامەوانان ناچار بکات تاکو سەرچاوە هەواڵیەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن.
چیک، سلۆڤاکیا، بەلجیکا: جگە لەو وولاتانەی سەرەوە هەر یەکە لەو وولاتانەش بە کەمتەرخەم و توندوتیژ دژ لەبەرانبەر ڕۆژنامەوانان ناسراون و یەکێتی ڕۆژنامەوانانی ئەوروپا بانگهێشتی ئەو وولاتانە دەکات تاکو ڕێز لە کاروباری ڕۆژنامەوانی ببگرن.
یەکێتی ڕۆژنامەوانانی ئەورپا لە ڕاپۆرتی ساڵی 2007 دا بەگشتی 20 وولاتی دیمۆکرات و نادیموکرات بەپێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەوانی و گوشار و ئاستەنگی دژ بە کاری ئازادی ڕۆژنامەنوسی تاوانبار دەکات، یەکێتیەکە پەیوەندی ئەو پێشێلکاریانە لە ئەوروپا و وولاتە سەرمایەداریەکاندا بە پەیوەندی نێوان" سەرمایە و دەوڵەت"دەبەستێتەوە، یەکێتیەکە پێی وایە بیروڕای ئازاد، ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ-ئازاد و مافی ڕادەربڕین لە سەرجەم وولاتەکاندا دەبێتە قوربانی بەرژەوەندیە تەسکەکانی نەتەوە و دەوڵەت.

لەوانەیە بە ئاماژەکردنی پێشێلکاریەکان بەتایبەتی ئەو پێشێلکاریانەی کە لە وولاتە دێموکراتەکاندا هاتونەتە ئاراوە تۆزێک دڵی بەرپرسان و ئەو پەرلەمانتارانەم خۆشکردبێ کە دەنگیان بۆ یاسای " دابونەریت، ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەوشی گشتی" دژ بە ڕۆژنامەوانان دا، بەڵام با زۆریش دڵیان خۆش نەبێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەو وولاتانەدا پێشێلکاری هەیە سەرووەری یاساش هەیە، هەر ڕۆژنامەوانێک کە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە کارەکەی دەستگیر دەکرێ یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، پاشان باجی خۆی لە دەوڵەت و حکومەت و پۆلیس ئەسێنێتەوە، ئەوەش لە ڕێگای دادگای مافی مرۆڤ و سەندیکاکانی ڕۆژنامەوانان، بۆ نمونە مانگێک لەمەوبەرئەدیتۆری بەلجیکای گۆڤاری " دە ستێڤن"ی ئەڵمانی لەبەر ئەوەی دۆسیایەکی لەسەر گەندەڵیەکانی ناو حکومەتی بەلجیکا بڵاوکردبووەوە ڕووبەڕوی هێرشی پۆلیس بووەوە، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپاش لە بەرانبەر ئەو یەکە سزای 50 هەزار ئیرۆی لە دەوڵەتی بەلجیکا بڕیەوە لەبەرانبەر ئەوەی کە پۆسیس بەشەو هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵی ئەدیتۆری گۆڤارەکە و کەلوپەڵی ماڵەوەیان تێکەڵ کردوە، هەروەها نەک بەتەنیا دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بەڵکو دەزگا یاساییەکانی بەلجیکاش حکومەتیان مەحکوم کرد و داوای لێبوردنیان لە ئەدیتۆری گۆڤارەکە کرد. بەڵام ئێمە نە دادگایەکی مافی مرۆڤی وا بەهێزمان هەیە کە قودرەتی بەسەر دەوڵەت و بەرپرسیاراندا هەبێ، نە سەندیکایەک کە پشتگیری لە یاسایەکی مۆدەرنی ڕۆژنامەگەری بکات و توانای سەپاندنی هەندێ شتی بەسر دەوڵەتدا هەبێ.

له كۆتاييدا دەتوانين بەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بڵێين دابونەريت و ئاسايش بەتەنيا بە ياسا نابێ، بەڵكو بەهەستی بەرپرسيارێتی و نيشتيمانپەروەری دەبێ.

سەرچاوەكان:

http://www.gundelik.net/2007/12/03/ozgurluge-veda-mi-avrupa-medyasi-kiskac-altinda/
http://www.traces.org/obituarycontent.htm
http://www.eric.ed.gov/ERICWebPortal/custom/portlets/recordDetails/detailmini.jsp?rch_SearchType_0=no&accno=EJ150371
http://www.aej.org
http://hawlati.com/
http://kurdistanreport.com/